# سیماکانی پشتیوانی قەتەر له گروپە تیرۆریستییەکان

گومان لەوەدا نییە کە بڕیاری بچڕاندنی پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابورییەکان لەگەڵ قەتەر، کە لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا لەلایەن هەندێک دەوڵەتی عەرەبییەوە گیرایەبەر، لەپێش هەمووشیانەوە میسرو سعودیەو ئیمارات و بەحرەین ، دەرئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێک بوو، لەپێش هەمووشیانەوە پاڵپشتی ئەو وڵاتەیە بۆ تیرۆرو گروپە تیرۆریستییەکان.

ئەمەش کۆمەڵە پرس و مشتومڕێکی وروژاندووە سەربارەی گرنگترین سیماکانی ئەم پشتیوانییە، ئەمەش لەژێر سایەی بوونی پەیوەندییەکی ڕوونی نێوان قەتەر و گروپە تیرۆریستییەکان. هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا دەتوانیت گرنگترین شێوازەکانی هاوکاریی و پشتیوانیی قەتەر بۆ گروپە تیرۆریستییەکان لەم

FOCUS

چەند خاڵەدا بخەینەڕوو.

- پشتیوانیی دارایی ڕاستەوخۆ: زۆرێک لە بەڵگە و دۆکومێنتەکان ئاماژە بە بوونی دەستگیرۆییەکی دارایی ڕاستوخۆ دەکەن لەلایەن قەتەرەوە بۆ زۆرێک لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەڵگەنامە فەرمییەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤دا ئەوەیان ئاشکراکردووە کە بەڵێ ئەم جۆرە دەستگیرۆییە داراییە لەلایەن قەتەرەوە هەیە ئەویش لە ڕێگەی هەندێک لە پیاوەکانی خۆیەوە، لە نموونەی (سەلیم حەسەن خەلیفە ڕاشد کەواری)، کە بە سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوی قاعیدەش ناودەبرێت، بەجۆرێک کە تۆمەتبارە بە گواستنەوەی سەدان هەزار دۆلار بۆ ڕێکخراوی قاعیدە. دەستگیرۆیی و پارەدارکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان گەیشتۆتە باکووری ئەفریقیاش، هەربۆیە سەرکردەی سوپای لیبیا (خەلیفە حەفتەر) هاتەدەنگ لە ئاست ئەم هاوکارییانە و بە ئاشکرا قەتەری تۆمەتبارکرد بە پشتیوانیی و دەستگیرۆیی چەکدار و میلیشیاکانی چاد و سودان، کە ئەم چەکدارانەش لەناو ڕزی گروپە تیرۆریستییەکاندا لەسەر خاکی لیبیادا دەجەنگن.

- پشتیوانیی دارایی ناڕاستەوخۆ: ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەو پارانەی قەتەر لە گروپە تیرۆریستییەکاندا خەرجیدەکات، بەڵام لەژێر پەردەی «فدیە»دا، لەپێناو بەردان و ئازادکردنی بارمتەکاندا، کە دوایین پرۆسەی لەم جۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەپریلی ساڵی ٢٠١٦، کاتێک نزیکەی یەک ملیار دۆلار دەداتە میلیشیا شیعە تیرۆریستییەکانی عێراق لەپێناو ئازادکردنی هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای قەتەر. هەر لە هەمان چوارچێوەدا نزیکەی (٧٠٠ ملیۆن دۆلار) دراوەتە کەسێتییە ئێرانییەکان و میلیشیا لۆکاڵییەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن، هاوکات نزیکەی (٣٠٠ ملیۆن دۆلار) هاوکاریی داوەتە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی سوریا، ئەوەش لەبەرامبەر ئازادکردنی (٥٠ چەکدار)ی شیعە کە لای ئەو گروپانە گیرابوون، هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە کە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان سەرقاڵی وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆرن.

- پشتیوانی میدیایی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان: نکۆڵی لەوە ناکرێت کە قەتەر پاڵپشتییەکی میدیایی گەورەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی کردووە، ئەویش لە ڕێگەی کەناڵی (ئەلجەزیرە)وە، کە ئەم پاڵپشتییەش خۆی دەبینێتەوە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بابەتە میدیاییەکانی ئەو ڕێکخراوانە، بۆ نموونە کەناڵەکە دریغیی نەکردووە لە پەخشکردنی سەرجەم چاوپێکەوتن و پەیامی سەرانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بۆ نموونە لە ڕابردوودا (ئوسامە بنلادن) و (ئەیمەن زەواهیری)، ئەمە جگە لە سازدانی گفتوگۆ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرانی ئەم ڕێکخراوانەدا، وەک چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەبو محەمەد جۆلانی)ی ڕابەری بەرەی نوسرە چەند مانگێک لەمەوپێش، کە بە باڵی سوریای ڕێکخراوی قاعیدە ناسراوە، ئەمە جگە لە میوانداریکردنی هەندێک لە سیمبولەکانی ئەم ڕێکخراوانە، وەک (عەبدوڵڵا موحسینی)ی قازیی بەرەی نوسرە، کاتێک لەسەر کەناڵی جەزیرەوە لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەردەکەوێت و پیرۆزبایی لە کەسێک دەکات کە خۆی ئامادەدەکات بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی خۆکوژیی.

> ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانەی لە میانەی هێرش بۆسەر بارەگاکەی ئوسامە بنلادن لە شاری (ئەبوت ئاباد)ی پاکستان، ئاماژە بە ڕۆڵە هەمەلایەنەکەی قەتەر دەدەن لە داڵدەدان و باوەشکردنەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی قاعیدە

- داڵدەدان و پشتیوانیی لۆجیستیی: شانبەشانی پشتیوانیی دارایی و پارەدارکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، هاوکات وڵاتی قەتەر هەستاوە بە داڵدەدان و پارێزگاریی ژمارەیەک لە ئەندامان و سەرانی ڕێکخراوی قاعیدە، ئەوەش لە میانەی میواندارێکردنیان لەسەر خاکی وڵاتەکەی، ئەوەی ئەمەش پشتڕاستدەکاتەوە قسەکانی یەکێک لە ئەندامە دیارەکانی قاعیدەیە بە ناوی (خالید شێخ محەمەد). هاوکات ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانەی لە میانەی هێرش بۆسەر بارەگاکەی ئوسامە بنلادن لە شاری (ئەبوت ئاباد)ی پاکستان، ئاماژە بە ڕۆڵە هەمەلایەنەکەی قەتەر دەدەن لە داڵدەدان و باوەشکردنەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی قاعیدە، هەر لەو بەڵگەنامانەدا قەتەر بە جێگەیەی خوازراو و ئاسایش هەژمارکراوە بۆ ئەندامان و سەرانی ڕێکخراوی قاعیدە، وەک ترانزێت و خاڵێکی تێپەڕینی ئارام لەلایەن قاعیدەوە ئاماژە بە قەتەر کراوە. لە هەمان کاتدا قەتەر هەستاوە بە داڵدەدانی ژمارەیەک لە سەرانی ئیخوان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی میسر، کە کاری توندوتیژانە دژ بە حکومەتی میسر ئەنجامدەدەن، لە نموونەی (وەجدی غنیم)، (عاسم عەبدولماجید) و چەندین کەسی دیکەش.

دواجار دەبێت باس لەوە بکەین کە هیچ ڕێگەیەکی ئەوتۆ نەماوەتەوە بۆ گەڕانەوەی قەتەر بەرەو هێزە عەرەبیی و کەنداوییەکەی پێشتر هەیبوو، تەنها مەگەر بە پابەندبوونێکی بێ چەندوچون بێت بە ڕاگرتنی پشتیوانییەکانی بگۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی هاتنەوەپێشی مەترسیی ڕێکخراوەکان بۆسەر ناوچەکە بەتەوایی.

## مێژووی پشتیوانییەکانی قەتەر بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان

هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە قەتەر لە پۆینتێکی ئایدۆلۆژییەوە سیاسەت و دانوستانەکانی خۆی ئەنجامدەدات، کە بریتییە لە ئایدۆلۆژیای وەهابیزمی قەتەریی، کە وەهابیزمێکی نزیکە لە وەهابیزمەکەی سعودیە و هاوکات ڕکابەریشیەتی لە ناوچەکەدا، بگرە لە جیهانیشدا، لەبەرئەوە ئەمە بابەتی گفتوگۆیەکی چڕوپڕە، هەربۆیە دەبینین زۆرینەی هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی قەتەرییەکان لە گۆشەنیگای ئەم وەهابیزمەوە بووە، بەڵام هەندێک کەسی دیکە لەو باوەڕەدان خاڵی سیاسەتکردنی قەتەر بریتییە لە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی لە پشتیوانیی سەرجەم بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهانی عەرەبی، و هەوڵ نادات بۆ بڵاوکردنەوەی هیچ جۆرە توندڕەوییەکی ئیسلامیی، بەڵکو هۆکاری ئەم سیاسەتەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیەوە بە پراگماتیستیی دەزانێت، ئەویش ئەوەیە کە دەیەوێت پەیوەندییەکی بەهێزی هەبێت لەگەڵ هێزە سیاسییەکان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، بە ئیسلامییەکانیشەوە.

هەموو ئەوانە پاش ئەوە هاتن کە چوار وڵاتی کەنداو (ئیمارات و بەحرەین و یەمەن و سعودیە) لەگەڵ (میسر)، سەرجەم پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی خۆیان لەگەڵ قەتەردا بچڕاند، ئەوەش بەهۆی (دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان و پشتیوانیی تیرۆریزم)، بەپێی بەیاننامە فەرمییەکان. هاوکاریکردنی حکومەتی دەوحە بۆ (یوسف قەرزاوی) لەم چوارچێوەیەدا بوو، هەتاوەکو قەتەر زامنی وەلائی ئیخوان موسلیمین بکات، هەروەها بۆئەوەی لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی دیکەوە وەک ئەڵتەرناتیڤێک ڕکابەریی (ئەزهەر) بکات، کە ئەو دامەزراوەیەش بریتییە لە (یەکێتیی زانایانی ئیسلامی).

بەپێی ڕۆژنامەی تەلەگراف، هەندێک لە چاودێران لەو باوەڕەدان کە کاتێک پشتیوانیی کۆمەڵە کەسێک دەکەیت ئاسانترە نهێنییەکانیان بزانیت، هەروەها بزانیت کە ئایا هیچ پەیوەندییەکایان لەگەڵ قاعیدە و داعشدا هەیە یان نا، هەروەها زانیارییەکی زیاترت لادەبێت سەبارەت سپیکردنەوەی پارەکانیان و پەیوەندییەکانیان، هەربۆیە قەتەر ئەم ڕۆڵە دەبینێت.

## کێ سەرکردەکانی بەرەی نوسرەی کوشت؟

لە سەرەتای مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٥دا ژمارەیەک لە سەرانی بەرەی نوسرە لە (ڕیفی ئەدلەب) لە باکووری سوریا کۆبوونەوە، ئامانجی کۆبوونەوەکەیان گفتوگۆ بوو لەسەر جیاکردنەوەی

بەرەی نوسرە لە ڕێکخراوی قاعیدە، ئەمەش بەهۆی دابەشبوونی ناوخۆیی لەنێوان ئەمیرەکانی بەرەی نوسرەدا دەربارەی ئەم پرسە بەسەر یار و نەیاردا. بەڵام کتوپڕ و لە بارودۆخێکی ناڕووندا، هێرشێکی ئاسمانیی سەرچاوە نادیار شوێنی کۆبوونەوەکەی بۆمباران کرد، ئەمیرە سەربازییە هەرە دیارەکانی ئەم ڕێکخراوە کوژران، لەپێش هەمووشیانەوە (ئەبو هومام شامی)ی سەرکردەی سەربازیی گشتیی بەرەی نوسرە، (ئەبو عومەر کوردی)، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بەرەی نوسرە، (ئەبو بەرائی ئەنساری)، (ئەبو مەسعەب فەڵەستینی)، هاوکات لێرە و لەوێ هەندێک هەواڵ باسیان لە بوونی (ئەبو محەمەد جۆلانی)ی ڕابەری بەرەی نوسرە دەکرد لەکاتی تەقینەوەکەدا، هەندێک سەرچاوە باسیان لە بریناربوونی دەکرد، هەندێکی دیکەش باسیان لە جێهێشتنی کۆبوونەوەکە دەکرد پێش تەقینەوە و بۆمبارانەکە.

(المنارة البيضاء)، کە دەزگای میدیایی بەرەی نوسرەیە، کوژرانی (ئەبو هومام) و سێ سەرکردەی دیکەی دووپاتکردەوە و گوتی (هاوپەیمانێتیی خاچپەراستانی عەرەب شەڕ لەگەڵ خودادا دەکەن). وەک ئاماژەیک بۆئەوەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی، کە لەلایەن ئەمریکاوە ڕابەرایەتیی دەکرێت، ئەنجامدەری ئەم هێرشە ئاسمانییە بوون.

بەڵام هەر لە هەمان ڕۆژدا وتەبێژی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی ڕەتیکردەوە هاوپەیمانێتییەکەیان هیچ ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی لە پارێزگای (ئەدلەب) ئەنجامدابێت لە ماوەی ٢٤ سەعاتی ڕابردوودا، بەڵکو پەنجەیان بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد ڕاکێشا، کە لە ڕاگەیاندنەکانییەوە ئاهەنگی دەگێڕا بەبۆنەی ئۆپراسیۆنەکەوە، ڕاشیگەیاند فڕۆکەکانی حکومەتی سوریا ئەم کارەیان کردووە و سەرانی بەرەی نوسرەیان لەناوبردووە. بەڵام دیسان شایەتحاڵەکان و چاودێرانی ڕووداوەکە ئەم قسانەی حکومەتی سوریایان ڕەتکردەوە و جەختیان لەوە کردەوە لەو دەمەدا فڕۆکەکانی ڕژێم بە هیچ شێوەیە ئەو ناوچەیەیان بەئامانج نەگرتووە. (ڕوانگەی سوریی بۆ مافەکانی مرۆڤ) لەگەڵ گواستنەوەی هەواڵەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە «هێشتا شێوازی هێرشەکەیان بۆ ڕوونەبۆتەوە، نازانن کە ئایا کۆبوونەوەکەی بەرەی نوسرە

**هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە قەتەر لە پۆینتێکی ئایدۆلۆژییەوە سیاسەت و دانوستانەکانی خۆی ئەنجامدەدات، کە بریتییە لە ئایدۆلۆژیای وەهابیزمی قەتەریی، کە وەهابیزمێکی نزیکە لە وەهابیزمەکەی سعودیە و هاوکات ڕکابەریشیەتی لە ناوچەکەدا**

لەلایەن ڕژێمی سوریا یاخود هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتییەوە بەئامانج گیراوە.

ڕووداوەکە وەک مەتەڵێکی لێهات، هەر ئەم ناڕوونی و تەمومژە هێمای ئەوە بوون کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە و هێشتا هەندێک شت ماوون ئاشکرا نەبوون، ڕەنگە هەر خودی ئەم ئاڵۆزکاندن و ونکردنی سەرچاوەی ڕووداوەکە بە ئەنقەست بێت و مەبەست لێی شاردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بێت لەنێوان سەرانی بەرەی نوسرەدا کە هێشتا سەبارەت بە هەندێک پرس، بەتایبەت سەبارەت بە مانەوە لەژێر ئاڵای قاعیدەدا یاخود جیابوونەوە لێی، بەڵام هێشتا گریمانەیەکی دیکە سەبارەت بەم هێرشە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمە کردەیەکی ناوخۆیی بێت بە مەبەستی پاکتاوکردنی سەرانی بەرەی نوسرە و ئەندامانی ئەنجومەنی شورای نەیار بە ئایدیای جیابوونەوەی بەرەی نوسرە لە ڕێکخراوی قاعیدە. محەمەد جۆلانی زۆر دەمێکە دەخوازێت هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قاعیدە ببچڕێنن.

ئەوەش لەپێناو ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسان پشتیوانییان پێبگات و بتوانن هاوپەیمانێتیی بەهێز دروستبکەن، ئەوکات تووشی هیچ ڕووگیرییەک نابن لە وەرگرتنی پشتیوانیی لە حکومەتەکانی دیکەوە، کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سیاسەتەکانیان بەڕێوەدەبەن، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەندامانی بەرەی نوسرە گوتویانە بەیعەت پێدانیان بە (ئەیمەن زەواهیری) بەیعەتی شەڕکردنە، نەوەک بەیعەتی گشتی. (ئەبو هومام شامی)، کە یەکێک بوو لەو کەسانەی لە هێرشەکەدا ڕزگاریبوو، یەکێکە لە نەیارە هەرە سەرسەختەکانی جیابوونەوە لە قاعیدە، بەردەوام لە کۆبوونەوەدا بووە لەگەڵ ئەندامانی بەرەی نوسرە هەتاوەکو بە باوەڕەکەی خۆیان ڕازییان بکات، ئەمەش نامۆ نییە چونکە پێشتر کاری زۆری لەگەڵ ئوسامە بن لادن کردووە. واتە بەرەی نوسرە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوو، بەرەی سەربەخۆخواز لە هەژموونی قاعیدە، بەرەی دڵسۆز بۆ مانەوە لەژێر چەتری قاعیدەدا.

تا ئێرە فاکتێکمان خستەڕوو، لێرەوە باسەکە دەبەستینەوە بە بابەتەکەمانەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە تەنها یەک ڕۆژ پێش هێرشەکەی سەر بەرەی نوسرە، ئاژانسی ڕۆیتەرز هەواڵێکی جێسەرنجی بڵاوکردەوە، لەو هەواڵەدا ڕۆیتەرز لە سەرچاوەکانی خۆیەوە باسی لەوە کردووە کە لێپرسراوانی «دەزگایەکی هەواڵگریی دەوڵەتێکی بچوکی عەرەبی چەندین جار» لەگەڵ (ئەبو محەمەد جۆلانی)دا کۆبوونەتەوە لە مانگەکانی ڕابردوودا، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانیش دەستبەرداربوونی بەرەی نوسرەیە لە هەژموونی قاعیدە، ئەمەش لە بەرامبەر بەڵێنی دەستگیرۆیی داراییدا لە دوای جیابوونەوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە، هەروەها ئاژانسەکە باسی لەوەش کردووە ئەو دەوڵەتە خاوەنی پەیوەندییەکی باشە لەگەڵ گروپەکە و بەردەوام هانی دەدات لەسەر ڕێکردن بەسەر ئەو ڕێگایەی ئەو دەوڵەتە بۆی دیاریدەکات هەتاوەکو هاوکاریی بکات. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بەرەی نوسرە هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند هیچ نیازێکی جیابوونەوە لە قاعیدەیان نییە و لەگەڵ هیچ دەزگایەکی هەواڵگرییشدا کۆنەبوونەتەوە. بێگومان کاتێک ڕۆیتەرز باس لە هەواڵگریی وڵاتێک دەکات، مەبەست لە وڵاتی قەتەرە، کە هەر ئەوکات دەستی لەگەڵ بەرەی تیرۆردا تێکەڵکردبوو.

بەڵام هێندەی نەبرد جۆلانی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەرکەوت و کارکردنی لەگەڵ بەرەی نوسرە هەڵوەشاندەوە و کیانێکی نوێی ڕاگەیاند بە ناوی (بەرەی فەتحی شام)، کە هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی دەرەکییەوە نییە. پاشان سەرچاوەکان باسیان لەوەکرد ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین کاریگەرییان لەسەر جۆلانی هەبووە بۆ گۆڕینی ناوی ڕێکخراوەکەی بۆ (بەرەی فەتحی شام)، ئەویش لە ڕێگەی کەسێتییەکەوە کە لە کۆنگرەی یەکەمی ئۆپۆزسیۆنی سوریدا ئامادەبووە ساڵی ٢٠١١ لە ئەنتالیا. لە دوای گرژییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و قەتەر، چەندین بەڵگەنامە بڵاوکرانەوە، کە هەموویان باس لە بوونی پەیوەندی نێوان قەتەرو گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان دەکەن، هەندێک لەم پەیوەنییانە ڕاستەوخۆن، هەندێکی دیکەشیان لە ڕێگەی نێوانگیرێکەوەیە، کە بێگومان بریتییە لە ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین، ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی نامۆی گێڕاوە لە پشت پەردەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و دواتریشدا. بە دەم پشتیوانیی لە شۆڕشی گەلان کردووە، بەڵام بە کردەوە هاوکاری فەرمانڕەوا دژە شۆڕشەکانی کردووە لە جیهانی عەرەبیدا. نەک هەر جیهانی عەرەبی، بەڵکو بەپێی گوتەی بەشێک لە سەرچاوە ئەمریکییەکان لە سەروبەندی شۆڕشی سوریاوە هەتاوەکو ئێستا، ئیخوان چەندین جار لەگەڵ ئیسرائیل کۆبوونەوەتەوە پێشنیاری ئەوەیان خستۆتە بەردەست کە ئەگەر ئیسرائیل هاوکاربێت وبۆ ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەدو هاتنەپێشی یەکێک لەو دەستەو تاقمە زۆرو زەوەندانە بێت، کە لەلایەن هێڵی (ئیخوان- قەتەر- تورکیا)وە پشتیوانی دەکات، ئەوا لە داهاتوودا ئامادەن دەستبەرداری بەرزاییەکانی جۆلان بن، کە چەندین ساڵە جێگەی شەڕو ململانێی ئیسرائیل و سوریایە. بێگومان لە هەموو ئەم پەیوەندییانەی نێوان قەتەرو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا، سعودیە وڵاتێکی هێندە بێبەڵاو دەستەوەستان نەبوو، بەڵکو ئەگەر شانبەشانی قەتەر لە هەمان گەمەوە تێوە نەگلابێت، ئەوا لای خۆیەوە درێغی نەکردووە، بەڵام بێگومان یەکێک لە فاکتەرەکانی ناکۆکییەکانی ئەم جارەی نێوان وڵاتانی

کەنداو بە ڕابەرایەتی شانشینی سعودیە، پێدەچێت بەهۆی ناکۆکییانەوە بووبێت سەبارەت بە ئامانجی ئەو ڕێکخراوانەی هەردوولا پاڵپشتییان کردوون، بە مانایەکی دیکە ڕەنگە کەوتبنە بەردەم دووڕیانی پشتیوانی و نەیاریی بۆ ڕێکخراوێکی هاوبەش بە دوو ئەجێندای جیاواز.

## تیرۆریزم لەژێر پەردەی کاری خێرخوازییدا

لەژێر نـاوی کـاری خێرخوازییدا دەوڵـەتـی قەتەر چەندین دامەزراوە و دەستەی خێرخوازیی ناحکومی دامەزراندووە، کە ئامانجە ڕاگەیاندراو و ئاشکراکەیان پێچەوانەی ئەو ئامانجانەیە کە لەپێناویدا دامــەزراون. لەبری هەستان بە ڕۆڵی خۆیان و بەشداربوونیان لە کاری مرۆییدا، ئەو دامەزراوانە ئامانجێکی دیکەیان هەڵگرتووە، کە ئەویش بریتییە لە پشتیوانیی تیرۆر و هەڵگیرساندنی ناکۆکی و ناسەقامگیریی لەناو وڵاتانی ناوچەکەدا. ئەم دامــەزراوە و دەستانە، کە پشتیوانیە ڕاستەوخۆکانیان بۆ قاعیدە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە یەکلابۆتەوە، قەتەر وەک شانەی نهێنیی و دەستکێشی خی ئەم ڕێکخراوانە بەکاردەهێنێت. لە دیارترین ئـەو ڕێکخراوانەی بە ناوی خێرخوازییەوە کاردەکان و بەڵام بۆ خزمەتی تیرۆر کاردەکەن، لە بەیاننامە چوارقۆڵییە هاوبەشەکەی نێوان (سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، میسر)دا ناوییان هاتووە کە بریتیین لە:

1. (سەنتەری قەتەر بۆ کاری خۆبەخشانە): ئەم سەنتەرە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی حکومەتی قەتەر بۆ هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی پارە بۆ ڕێکخراوی قاعیدە، ئەم ڕێکخراوە کە لەلایەن (سعود آل ثاني) ی برای (عبدالله آل الثاني)یەوە دامەزراوە، پێشتریش لەلایەن ئیماراتەوە خرابووە لیستی تیرۆرەوە.

2. (دەوحە ئەپڵ): کۆمپانیایەکی تایبەتە بە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیای زانیاریی قەتەری، لەلایەن (محەمەد سەقتەری)یەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بەهەمان شێوە لە لیستی تیرۆردایە، ئـەم کۆمپانیایە هاوکارێکی باشە بۆ کەمپینی کۆکردنەوەی پارە بۆ ڕێکخراوی قاعیدە و پێشکەشکردنی ئامێر و ئامرازی تەکنەلۆژیی بۆ پەیوەندییەکانی قاعیدە لە سوریا.

3. (قەتەری خێرخوازی): چەندین هاوکاریی پێشکەش بە ڕێکخراوی قاعیدە کـردووە لە شاری (مەکلا)ی یەمەن پێش ڕزگارکردنی لەلایەن سوپای یەمەن و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە، ڕێکخراوی قەتەری خێرخوازیی بەردەوامە لە پرۆسە پشتیوانییەکانی بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا.

4. دامەزراوەی (شیخ عید آل ثاني)ی خێرخوازیی: یان کە ناسراوە بە (عەیدی خێرخوازی)، دامەزراوەکە مێژوویەکی درێژی هەیە لە کارکردن لەگەڵ ئەندامان و دەستەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی قاعیدە و پێشکەشکردنی پاڵپشتیی بۆیان، وەزارەتـی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی قەتەر سەرپەرشتیی ئەم دامەزراوەیە دەکات.

5. دامــەزراوەی (شیخ ثاني بن عبدالله) بۆ خزمەتگوزارییە مرۆییەکان: ئەم دامەزراوەیە باوەشی کراوەیە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی پشتیوانیی قاعیدە دەکەن و ئاسانکاریی دەکەن بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی پارە بۆیان، کۆمەڵە کەسێکی پشتیوان لە تیرۆریزم سەرپەرشتیی کارەکانی ئەم ڕێکخراوە دەکەن.

## سەرچاوەکان:

http://www.siyassa.org.eg/NewsContent
http://www.skynewsarabia.com/web/article/955630
http://www.elyomnew.com/news/
69236/05/06/inside/2017